# ڕوونکردنەوەیەکی پێویست



ئازاد عەبدولواحید
سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان/ هەولێر

لەم ڕۆژانەدا ژمارە ٨٣ی مانگی ئاداری ٢٠٠٩ی گۆڤاری ئایندەم بەدەست گەیشتو کەوتمە خوێندنەوەی. گفتوگۆیەکەی لەگەڵ (د. ڕەفیق سابیر) کراوە یەکێک لەو بابەتانە بوو کە خوێندمەوە، بەڵام لە گفتوگۆیەکەدا کەوتم بەسەر چەند دێڕێک کە نەمتوانی لێی بێدەنگ بم.

(د. ڕەفیق سابیر) لە چاوپێکەوتنەکەدا دەڵێ: (پێش چەند ساڵێک هاوڕێی شاعیرم عەبدوڵڵا پەشێو بە تەلەفۆن ئاگاداری کردمەوە کە لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ گۆڤارێکی ئەدەبیی زۆر ناسراودا، کە لە هەولێر دەردەچێت، ناوی منی لە پاڵ چەند نووسەرێکی دەرەوەی وڵاتدا هێنابوو، کەچی لە کاتی بڵاوکردنەوەدا ناوی منیان لادابوو) هەر دوای خوێندنەوەی ئەو چەند دێرە ڕۆژی ٢٠٠٩/٣/٧ نامەیەکم بۆ برای بەڕێزم عەبدوڵڵا پەشێو نووسی لە نامەکەدا بۆم نووسیبوو: (نازانم جەنابتان تا چەند ئاگاداری گۆڤارەکانی کوردستانن؟ بۆ ئاگاداریتان لەدوا ژمارەی گۆڤاری ئایندەدا کە لە سلێمانی دەردەچێ چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ (د. ڕەفیق سابیر) کردووە، لەوێدا بە ناوی تووە دەڵێ ئێوە دوای بڵاوبوونەوەی چاوپێکەوتنەکەتان لە گۆڤاری ڕاماندا تەلەفۆنتان بۆ کردووەو پێتان ڕاگەیاندووە کە ناوی ئەوتان هێنابێ‌و ئێمە لە ڕامان ناوی ئەومان لادابێ، لە کاتێکدا ئێمە تەحەدا دەکەین بەم جۆرە ئاین‌و ئۆینانە کاری خۆمان ناشیرین ناکەین، شانازی بەوەشەوە دەکەین کە (تصفیە)ی حیساباتمان لەگەڵ کەس نەکردووە، دوای (تفریغ) کردنی چاوپێکەوتنەکەش من بۆم هێنایە ماڵەوەو ماوەی مانگێک زیاتر لەلای خۆت مایەوەو بەقەڵەمی کەسک دەستکاریت کرد، پاشان لە ڕێگەی کاک مەحموود زامدارەوە بۆت ناردینەوە، ئێستاش سێ سەعات کاسێتی تۆمارکراو و ئەو دەستنووسە لە ناو ئەرشیفی ڕاماندا ماون‌و دەیسەلمێنین ئێمە کاری وامان نەکردووە). هەر ڕۆژی دواتر پەشێو وەڵامی نامەکەی داینەوەو تێیدا دەڵێ: (نە تۆماری دیدارەکەم لایە، نە هی گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنیی پێنج ساڵ لەمەوبەر (چ من کردبم، چ بۆم کرابێ). **بۆ هەر سەهوویەک، ئەگەر لە هەر جێیەک کرابێ ڕێی تێ دەچێ خۆمم بە گوناهبار زانیبێ نەک ئێوە.** چاوێکم بەدیدارەکەدا گێڕایەوەو دیتم ناوی گۆڤاری

(ڕابوون) وەکوو یەکێک لـەو چەند گۆڤارە هاتووە، کە بە زمانێکی خاوێن لە ئەوروپا دەردەچوون). ئەو وەڵامەی پەشێو پەرێز پاکی ئێمە دەردەخات کە ئێمە لە ڕامان ناوی (د. ڕەفیق سابیر)مان لانەداوە. من هەر لە سـەرەتاوە وەک بەرپرسی یەکەمو ڕاستەوخۆی ئەم گۆڤارە ئـەم جۆرە ڕەفتارە قێزەونانەمان زیاتر بە کولتوورێکی ناشـیرینی هەندێ ڕۆژنامەنووسـی دڵ ڕەشـی سـەردەمی پێش ڕاپەڕین زانیـوە، بۆیە نەک بۆ کەسـێکی وەک (د.ڕەفیق سـابیر)، بگرە بۆ هیچ کەسـێک (تەنانەت بە وانەشـەوە کـە لە ژیانی ئەدەبیمانـدا ناحەزییـان بەرانبەرمـان نوانـدووە)، کاری وامـان نەکـردووەو پێمـان وایە ئـەو جۆرە کارانە کاری ڕۆژنامەنووسـی داخ لـە دڵو کاڵفامو هـەرزەکارە، نـەک کارێکـی ڕۆژنامەنووسـانەی پیشەییو ڕۆژنامەوانی پرۆفیشناڵ. ئێمە لە گۆڤاری ڕامان-دا هەر کەسـێ بەرهەمی بۆمان ناردبێ وەک بەرهەمـی خۆمـان مامەڵەمـان لەگـەڵ بابەتەکەی کردووەو باوەشی خۆشەویستیمان بۆ کردووەتەوە، ئـەوەش لەو بـاوەڕەوە هاتـووەو قەناعەتمان وایە ڕۆژنامەنـووس نابـێ کینـە لە دڵ بێ، بەخشـشو داهێنانو کارکردن لە بواری خزمەت کرندا بۆ خۆی بەشینەوەی خۆشەویستییە، ئەوە بێجگە لەوەی ئەم جـۆرە ڕەفتارانە ڕاسـتگۆییو متمانەو دەسـتپاکی ڕۆژنامەوانی، لەدەسـت ڕۆژنامەنووسەکە دەداتو ناوبانگی ئـەو گۆڤارو ڕۆژنامەیە دەزڕێنێ، بۆیە بۆ ئەرخایـەن بوونو دڵنیایی (د. ڕەفیق سـابیر)و هەر کەسـێ بیەوێ ئێمـە ئامادەین (٣) کاتژمێری سـێ کاسـێتە تۆمارکراوەکـەو دەقـی چاوپێکەوتنەکە کە لەلایەن خودی شاعیرەکەوە چاوی پێدا گێڕاوەتەوەو لە ئەرشیفی ڕامان-دا پارێزراون، دەتوانن ببیستنو ببینـن. بۆ ئـەوەی بە ناهەق ئەو قسـانە تێنەپەڕنو کاری ئێمـەش لـە ختوخۆڕایـی لەکـەدار نەبێو بۆ دڵنیابوونـی زیاتری (د. ڕەفیق سـابیر)و سـەرجەم نووسەرانی کورد، ئەم ڕوونکردنەوەیەم بە پێویست زانی، چونکە لە ماوەی (١٣) ساڵی ڕابردووی کاری ئێمەدا سانسۆرکردنی ناو و بەرهەمی نووسەرانێک، یان لیسـتی ڕەش لەلای ئێمـەدا بوونی نەبووە، ئەو کەسـە هەر کێ بووبێو سـەر بە هەر بیروباوەڕو ئایدیۆلۆژیایـەک بووبـێ، بۆیە ئەگـەر ئەوەمان بە کارێکـی چاکو سـتایش لـێ وەرنەگیـرێ، هەقیش نییـەو خواش قەبـووڵ نـاکات مێژوویەکی دوورو درێژی گۆڤارێکی پشوو درێژ پەڵەی بکەوێتە سەر!

هـەر لێرەدا جێـی خۆیەتی ئێمـەش گلەییەک لە (د. ڕەفیـق سـابیر) بکەیـن لـەوەی کە دەڵـێ: (بەم جۆرە لە سـپتمبەری ساڵی ١٩٧٨ بەدواوە، کە وڵاتم بەجێهێشـت، ناوی مـن لە ڕۆژنامـەو گۆڤارەکانی عیراقـدا، یاسـاغ کرا، یان دروسـتتر بڵێـم ئەوانەی دەمیـان لـە ڕەخنـەی ئەدەبییـەوە دەدا خۆیـان لە باسـکردنی ناوی منو شـیعری من بە دوور گرت، ئەگەر کەسـێکیش بووبێت کە باسـی منی کردبێت، ئەوا ڕێگەی نەدراوە). لێرەدا بە پێویسـتی دەزانم بۆ مێژوو ئەو سەرگوروشـتەیەی خۆمی بۆ بگێڕمەوە، چونکە لەوانەیە کاک (ڕەفیق سابیر) ئەوەی نەزانیبێ، ڕەنگە کەسـیش لەوانەی ئاگایان لەو بەسـەرهاتەی مـن هەیەو دەیزانـن زۆر مەتڵەبیـان نەبووبێ بۆی بگێڕنـەوە. لە سـاڵی ١٩٧٨ کۆمەڵـەی ڕەخنەگرانی عیـراق لەگـەڵ وەزارەتـی ڕۆشـنبیری ئەوسـا دیدارێکیان بۆ چیرۆکی عیراقی لە (سەری ڕەش) بۆ (٦٠) ڕەخنەگرو چیرۆکنووسی عیراق سازدا، لیژنەی دیدارەکە ئێوارە دانیشـتنێکیان بۆ چیرۆکی کوردی تەرخان کردبوو، لەو ئێوارە دانیشتنەدا کاک حسەین عـارف کۆرێکی بە ناوونیشـانی (الواقعية الانتقادية في القصة الكردية) پێشـکەش کـرد کە گفتوگۆیەکی زۆری نایـەوە. شـەوەکەی بـوو بـە دانیشـتنێکی تەرخـان کراو بۆ باسوخواسـی ئەدەبـی کوردیو بەشێکی زۆری شـاعیرو چیرۆکنووسو ڕەخنەگرە بەناوبانگەکانی عیراق ئەو شـەوە لەگەڵ نووسەرو ئەدیبـە کـوردەکان دانیشـتن، لە بیرمە لـە ناویاندا شاعیری گەورەی عەرەب (عەبدلوەهاب ئەلبەیاتی)و (د. عەلی عەباس عەلوان)و (د. عەلی جەواد ئەلتاهیر)و (جەلیل ئەلقەیسی)و (محەمەد خزەیر)و (فازڵ ثامر)و (یاسـین ئەلنسەیر)و زۆر کەسی دی لەو دانیشتنەدا ئامادەبوون، ئەو شـەوە زۆربـەی هەرە زۆری ئەو نووسـەرە عەرەبانـە ڕووی دەمـی گلەییـان کردە نووسـەرە کـوردەکان کە بۆچی ئەوانـەی عەرەبی دەزانـن هەوڵ نادەن شـیعرو چیـرۆکو ئەدەبیاتی کوردی وەربگێڕنە سـەر زمانی عەرەبی تا باشـتر ئـەو ئەدەبیاتە بناسـرێو لێی بکۆڵرێتـەوە؟ من کە تـا ئەو کاتە لەگەڵ چەنـدان وەرگێڕی دیکەی کورد چەندین شـیعری شـاعیرانی کوردی هاوچەرخمان کردبـووە عەرەبـی، کە ئەوان لێیان بـێ ئاگا بوون، لـەو شـەوەوە بڕیـارم دا پـرۆژەی وەرگێڕانەکەم

فراوانتــر بکەم تا ئەو شــاعیرو دەنگانــەی ئەوکاتە لەســەر گۆرەپانی شــیعری کوردی دەجووڵانەوەو ئامادەییان هەبوو، بەشــێکیان لە ڕێگەی وەرگێڕانی شــیعرەکانیان بە خوێنەرانی عەرەب بناسێنم، لە ناو ئەو شاعیرانەی چەند پارچە شیعرێکیم کردە عەرەبی شــیعری کاک (ڕەفیــق ســابیر) بــوو، بــەڵام لەبەر نەبوونی شوێنێک بۆ لە چاپدانی کتێبەکەم چاپەکەی دوو ســاڵ دواکەوت، تا ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٨٠ لە چاپخانەی (الحوادث) چاپو بڵاوکرایەوە، بێجگە لەو دەردەسەریو سەریەشــەیەی لەلایەن سانسۆرەوە تووشــی بووم، ئەنجــام توانیم لە ڕێگــەی بورهان قانیع-ی ڕەحمەتی کار بکەینە ســەر خوالێخۆشبوو (نەریمــان) بۆ ئەوەی لە ژێر چنگی سانســۆر دەری بکەین، هەرچەندە لە زۆر شوێنیشدا دێڕو کۆپلەیان لــە کتێبەکــەم لابردبوو، بــەڵام کاتێ لــەوێ دەرباز کرا ئیدی لــە ڕێگەی برایانم: د. فازیل جافو جیهاد دڵپــاکو عەلی کەریم لە کەرکووک قەناعەت بە کاک جەبار عەبدوڵڵا ئاســۆی خاوەنی کتێبخانەی (ئاسۆ) کرا لەســەر ئەرکی کتێبخانەکەی چاپی بکات، بەڵام گرفتــی گەورە ئەوە بــوو دوای ئەوە بــەم گێرمەو کێشــەیە گەیشتە چاپو خۆشــم مەسرەفێکی زۆرم لێکــرد تا لــە بەغدا بە جوانیو دوور لــە هەڵە بگاتە دەستی خوێنەرەکانی، کەچی سوودی نەبوو، چونکە کۆمەڵێــک هەڵەی هــەر تێکەوت، کاتێکیــش کتێبەکە کەوتە بازاڕەوە هەر زوو ڕاپۆرت نووسو ئەشرەفی شــەریفەکان کەوتنە نووســین لێی، چونکە ئەوکاتە لەناو ئەو (١٦) شاعیرەی شیعرم وەرگێڕابوونو لە ناو ئەو چەپکە شــیعرە وەرگێڕدراوانــەدا دەبینران یەکێکیان (د. ڕەفیق سابیر) بوو کە ئەو کاتە لە شاخ پێوەندی بە ڕیزەکانی حزبی شــیووعییەوە کردبوو، بۆیــە لــە ســاڵی ١٩٨٠ وەک هــاوڕێ نزیکەکانم لە ســلێمانی ئاگایان لێیە، ڕژێمی بەعس کە لە ترۆپکی غــرورو دەســەڵاتیدا بــوو (٢) جار لەســەر یەک لە شــاری ســلێمانیو لە دائیرەی (ئەمنی بەلدە) کە لە شــوێنی سەرای ئێســتای ســلێمانی بوو بە گیریان هێنــامو لەلایــەن (نەقیــب حەقــی) ناوێــک بەناوی لێکۆڵینەوە لەگەڵ کردن لەســەر ناوی ڕەفیق سابیر تێر ســووکایەتیم پێ کراو جنێوی سووکو بازاڕیم پــێ درا. هــەر ئــەوەش هۆیەکی ســەرەکی بوو کە وایانــی لێکــرد گومانم لــێ بکەنو پــاش ماوەیەکی دی ئەمجارەیــان بە تۆمەتی شــیووعی بوون بانگم بکەنەوە بۆ هەمان شــوێنو دوای چەند جار هێنانو بردن برادەرە نووســەرەکانی سلێمانیم ناچار بوون تەکلیــف لە کاک محەمەد ئەمیــن پێنجوێنی بکەن بۆ ئــەوەی دەخالەت بکات، ئەوە بــوو بە کەفالەتی ئەو و دوای پرکردنــەوەی فۆرمێکی زانیاری گەورەو پڕ لە پرسیاری ســەیرو عەجیبو غەریب ئەمجارەیان وازیــان لــێ هێنــام، کاری کاک محەمــەد ئەمیــن پێنجوێنی ڕاســت بێ، ئەگەر فریام نەکەوتبا پێســتم دەچــووە دەباغخانــە. بەڵێ ئەو کاتــەی ئەو کتێبەی مــن لە چــاپ درا کاک ڕەفیق دوو ســاڵ بوو وڵاتی بەجێ هێشــتبوو، ناویشــی بە دەردی خــۆی دەڵێ: (لــە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی عیراقدا یاســاغ کرابوو)، بەڵام ئێمە موغامەرەمان کردو ملمان لە چەقۆی ئەو یاســاغە ســووی، بۆ ئەوەی ناو و یادی ئەو بهێنینە پێشــەوە، بۆیــە نەدەکرا کاک ڕەفیق ســابیر هەر لە بنەڕەتەوە بیر لەوە بکاتەوە کەسێک ئەوە هەڵوێستی بووبێ لــە بەرانبەری، کاری وای لێ بوەشــێتەوەو نــاوی ئەو لابدا، هەروەها نەدەکرا ئەو هەڵوێســتو کارەی من لەو ڕۆژگارە ســەختو دژوارەی ســاڵی ١٩٨٠ نوانــدم نادیدە بگرێو بەلایدا گوزەر نەکات، بۆیە ئەگەر (ئەوانەی دەمیان لە ڕەخنەی ئەدەبییەوە دەدا خۆیان لە باس کردنی ناوی ئەو و شیعری ئەو بەدوور گرتبێ) لێیان ناگیرێ.

کاتێکیــش (د. ڕەفیــق ســابیر) دەڵــێ: (لــە چاوپێکەوتنێکیدا لەگــەڵ گۆڤارێکــی ئەدەبیی زۆر ناســراودا، کە لــە هەولێــر دەردەچێت) دیســانەوە ئەم قســەیە گەواهییەکە بۆ گۆڤارەکەمان، دیاریشــە ناوبانــگ پەیداکــردنو ناســرانی زۆر، بەتایبەتــی لە بــواری کاری ڕۆشــنبیریدا هەروا لــە خۆڕاو بە هەوەنتە بەدەست نایەت، بەتایبەتی ئەگەر گۆڤارێک کارو پیشــەی بووبێتە بایکــۆت کردنو لادانی ناوی نووســەران، ئەوســاکە قــەت لــە ناو نووســەرانو ڕۆشنبیراندا جێی نابێتەوەو ناو و پلەوپایەی شایانی باسی نابێت.